

# میللەتی کورد گەوجە ...یان سەرکردەکانی ....؟

## جەزا چنگیانی

میللەت و سەرکردە ( دوو جەمسەری یەك هاوكێشەن ) چۆن دارسێوێك ناتوانی مۆز بەرهەمبهێنێ ئاواش میللەتی گەوج سەرکردەی هوشیار بەرهەمناهێنێ. هزری میللەت هزری سەرکردە بەرهەمدەهێنێ.میللەتی هوشیارسەرکردەی گەوج پەسەند ناکات .هزری کۆمەڵگای گەوج ناتوانی هزری گەوجی سەرکردە بگۆڕێ.




تێگەیشتن لەم تێزە هزرییە ئاسانە وئاسانیش نیە . بۆ هوشیار ئاسانە گرانە بۆگەوج ...تەنیا( مەتریاڵی مێژوو ) و شیکردنەوەی ڕووداوە مێژوویەکان ولۆژیکی ژیانی کۆمەڵگا یارمەتیمان بۆ شیتەڵکردنەوەی هاوکیشە کۆمەڵایەتی وجیۆپۆلتیکەکە دەدا . ئەگەر بۆ شیتەڵکردنەوە و تێگەیشتن لە ئاوزان و هزری سەرکردەکان و هزری میللەتی کورد ( گەلی باشوری کوردستان وهەردوو سەرکردە بارزانی و تاڵەبانی ) و

1- هەڵبژاردنی تاڵەبانی وەك سەرۆکی کاتی کۆماری عیراقی عەرەبی .

2- هەڵبژاردنی بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عیراق .

**وەك مەتەڕیالْ بهێنینەوە.... ڕێگە ئاسانییەك بۆ شیتەڵكردنی ئاوزانی میللەتی كورد مەیسەر دەبیْ . نەبوونی خۆیندنەوەیەكی زانستیانە و هەڵویستی جەربەزانەیە لە ( ژیان و میژوو ) دا. كە ( پیرۆزی ) سەركردە یان ڕابەر .پیرۆزتر بێت لە سنور و بەرژەوەندی نەتەوە . بۆیە پیرۆزكردنی سەركردەو كردنیان بە ئایدۆلۆژیتكی پیرۆزی تاك و كۆمەڵ . بەڵگەی كۆمەڵگایەكی (بەرغەلی) یە . گەر سەرنج بدەین لە دوای تیكشاندنی بزوتنەوەی شیخی نەمرەوە بزوتنەوەكەمان بەرەو ڕۆچوون و سەقەتچوون چوو ئەویش بە هۆی پەیدابوونی ڕۆڵی تۆژێكی تەنكی نیمچە چەپی (بۆرجوازی خویندەواری ) كوردەوە كە لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا لە دوای لكاندنی باشووری كوردستان بە عیراقەوە. ئامانجی هەستی نەتەوایەتی كەسی سادەی كۆمەڵگای كوردەواریان كرد بە خزمەتكاری گەلی سەردەست (عەرەب). ئەم ڤایرۆسە كاتیك جەستەی سیاسی ویستی مرۆڤی كوردی سادەی داوەشان كە سەركردایەتی بزوتنەوەكە پڕۆژەی نەتەوەیی خستە زبڵخانەی ویژدان و موڕاڵیانەوە (ئۆتۆنۆمی) یان كردە بە ئیستراتیجیتی مرۆڤی كورد.یانی ئەركی سەركردایەتی بزوتنەوەی كوردی خزمەتكردن ( نه ) بوو بە ویستی مرۆڤی كورد و ڕزگاركردنی لە ستەمی كۆلۆنیالیستی عەرەبی . بەڵكو سەركردەكانی كورد بە ( كۆمۆنیستە كوردەكانیشەوە ) ئەركیان پاشقول گرتن بوو لە ویستی مرۆڤی كورد و خزمەتكاریكردنی ناسیونالیستی عەرەبی بە هەموو چینەكانیەوە (دواكەوتترین مرۆڤی نەتەوەیەكی بیْ دەوڵەت لەم جیهانەدا ) كە داوای ماڤە مرۆیەكەی دەكات ( ئەگەر یەك ووشەی سیاسی و فەلسەفیشی لە ژیانیدا نەخویندبێتەوە ) ئەوە هۆی خۆڕاپسكاندن و ڕاپەڕین و فەلسەفەی شۆڕش و ڕاپەڕینەكەی تەنیا لە پێناوی پاراستنی كەسایەتی و ئازادی مرۆیی خۆیدایە كە ئەویش (دەوڵەتە) . كاڵكردنەوە و پاشقولگرتن لەم ویستە مرۆیەی مرۆڤی كورد بە هێز و تاكتیكی دووژمن (كۆلۆنالیست ) مەیسەر نەبووە . بەڵكو بە هۆی سەركردەی ( سەقەت و گەوجەوە ) وە ئەم ڤایرۆسە لە شۆرشی ئەیلولەوە لە لەشی سیاسی كوردا چەكەرەی كرد... ئەویش هەڵتۆقینی تاڵەبانی لە گۆڕەپانی سیاسی وگەیشتنی بە مەكتەبی سیاسی پارتی وپەیوەندی سیخوری تاڵەبانی لە تەك دەزگاكانی سیخوری بەریتانی كە ئەوان واتە ئینگلیزەكان (ئەندازیاری لكاندنی باشوری كوردستان بە عیراقی عەرەبیەوە ) بوون . ( ئینگلیز نیازی داگیركردنی هەر نیشتمانێكی هەبووبیْ پیش ئامادەكردنی هیزی سەربازی و ئابووری هەوڵیداوە چەند سیخورێك لە نیشتمانی مەبەستی دروستبكات) تا بەهۆیەوە ڕاپەرینی ڕەسەنی خەڵكی بخەسینی . تاڵەبانیش یەكێكە لەو سیخوڕانەی ئینگلیز ) .**

**بە جاشبوونی تاڵەبانی لە ساڵی** 1964 **بە دواوە پەیوەندی نهێنی لە تەك شای ئیران وڕژیمی عیراقیدا . بەتەواوەتی بزوتنەوە و هیوای مرۆڤی كورد لە گریژنەچوو .مستەفا بەرزانی یش (وەك كۆنە وەزیری دەرەوەی ئەمەریكی هینری كیسنجەر باسی لێوەدەكات*) لە بەر ئەوەی سەركردەیەكی نا هوشیاری سیاسی بوو ئاوزانی بە بازی وپارسەنگی سیاسی ناوچەكە و دنیا نەدەشكا . بۆیە ئەم سەركردە كوردە زوو زوو تۆشی تەڵەی تاڵەبانی دەبوو , دەبوو بە مقاشی دەستی بەرژەوەندی كۆلۆنیالیستەكانی كوردستان . ئەگەر پاساوێك بۆ كاڵبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی ئاشبەتاڵی بزوتنەوەی كوردی لە زەمەنی مستەفا بەرزانیدا فاكتەری پارسەنگی(شەری سارد ) بووبیْ . ئەوە لە دوای پیرۆسیترۆیكاوە و بە تایبەتی لە دوای ساڵی** 1991 **هیچ جۆرە پاساوێك لە بەردەم كوردا نەما كە ( شەرم لەسەر چەختكردنی دەوڵەتی كوردی بكاتەوە ) بەتایبیەتی دوای پساندنی جڕی پشتینی پارسەنگی جەمسەرەكانی شەڕی**

سارد و زەمینە خۆشکردنی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە لایەن نەتەوە و گەلانی بیٚ دەوڵەتەوە و دروستبوونی کۆمەڵە دەوڵەتێك و جیابونەوەی کۆمەڵە نەتەوەیەك لە یەکتری . جگە( لە گەوجی کورد و سەرکردەکانی ) زیاتر . لە دوای ئەو وەرچەرخانە سیاسیەوە کە ئیستراتجیتی تەواو بزوتنەوە سیاسی ونەتەوەیەکان و جیپۆلۆتیکی جیهانی گوڕی ) تەنیا ( ئیستراتجیتی بزوتنەوەی کوردی) لە چوارچیوەی عیراق و بەرژەوەندی ناسیونالیستی عەرەبیدا قەتیس مایەوە . ئەگەر زانستی میژوو لە سەر فەلسەفەی ڕاستی دروست بووبیٚ ئەوە فەلسەفەی ڕاستیش سەرچاوەکەی خویندەوەی میژووە .

Wer in der zukunft lesen Will . muss in der Vergangenheit blätten )
** Andre Malraux

کوردێکەی ( ئەوەی گەرەکی بیٚ ئاینده بخۆێنێتەوە . دەبیٚ لاپەڕەکانی ڕابووردوو هەڵبداتەوە )

ئەمە گرییٚ کۆیرەی ئاوزانی سیاسی کوردیە .گرییٚ تێگەیشتنی دیالیکتیکانە بۆ لۆژیکی ( ڕوونڕەوی ) (معریفە) . گەوجی کورد لەوەدایە لە ( ڕوونڕەوی ) ( معریفە ) ی کۆن ( میژوو ) داهاتوەکانی ناناسیٚ . بۆیە هەمیشە لە بزوتنەوەکانی کوردا ئاینده دەبێتە ( کەلا ) ( هەڵمات .. ئەسباب بازی ) دەستی چەند سەرکردەیەکی ( گەوج ) کە بەری زبڵخانەی میژوویەکی سەقەتی بزوتنەوەی کوردین ( بە تایبەتی لە دوای شیخی نەمرەوە ) کە دەتوانری ئەم سەرکردە مەزنەی کورد بە ڕابەری تاقانەی بزوتنەوەی نەتەوەی کوردی دابنریٚ.

1970+1964 =جاشایەتی تاڵەبانی بۆ ڕژیمی عیراق و شای ئیران ( دروشمی ئۆتۆنۆمی )

1974+1970= ئاشبەتاڵی شۆڕشی ئەیلول .( دیموکراتی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان )

2005+1991= خەساندنی وزەی مرۆڤی کورد بە هاوبەشی لە هەڵبژاردن و( فیدریالی) و بڕەگراف 58 و گۆڕینی کۆلۆنیالیستی عیراقی و ناسیونالیستی عەرەب لە داگیرکەر و دووژمنەوە بە ( برا ) ئەنجامەکەی زاڵبوونی باڵی پرێمیتیفی شیعەگەری و( ابراهیم الجعفری ) و گەمەکردنی ناسیونالیستی عەرەبیە بە ئاوزانی سیاستمەداران و سەرجەم نەتەوەی کوردەوە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا . ئاشکرایە هوشیاری تەنیا بەڕامانێکی ئاگا لە خود بەرهەمەکانی خۆی دانامەزرینیٚ . بەڵکو بە پراکتیکی لە ژیاندا دادەمەزریٚ مارکس پرۆسەیەکی خەباتیگیڕانەی هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کرد, ئەمەش توانای ئەوەی پێبەخشی کە مانایەکی دیاریکراو بە (خەونی ئەڵمانی ) ببەخشیٚ *** کە ( دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی سەرجەم هەریمە لەیەکەجیاکانی نەتەوەی ئەڵمان لە قەوارەی دەوڵەتێکی نەتەوەی سەربەخۆدا ) کە بیسمارك پراکتیکی نەخشە و خەوەکەی مارکس و ئەڵمانیەکانی لە بڕۆسێسی یەك قەوارەبوونی هێزی کار وسەرمایە و هێزی هزری ئەڵمانی لە دەوڵەتێکی یەکگرتووی ئەڵمانیدا بەرجەستەکرد**** .ئێمەی کورد لە جیهانی گەشەکردنی ڕوونڕەویدا ( معریفە ) دا نەك لە کەناردایین بەڵکو زبڵین . زبڵی دەسەڵاتێکی باوکسالاری و سەرکردەی پیرۆزی سەقەتی ( تاڵەبانی و بەرزانی ) ین . تێنەگەیشتنی خود لە خۆی ..خود بەروە زەلکاو دەبا . فاکتەری سەرەکی لکاندنی باشوری کوردستان دەوڵەمەندی خاکی کوردستانە بە پترۆڵ و شۆینی خاکی کوردستان وەك ناوچەیەکی ئیستراتیجی لە کۆن و ئیستادا . کۆن کوردستان وەك لەمەپەرێك لەبەردەم پەلاماری سوپای سووری کۆمۆنیستەکانی ڕۆسیا بۆ ناوچەی کەنداوی پڕ پترۆڵ و ئیستاش وەك کۆڵەکەی پردی پترۆڵی نیوان ئازربایجان و کەنداوی فارسی کە هەردوو سەرچاوەکە ئەمەریکین .سەرکردایەتی کوردی بەم فاکتەرانە گەوجن و وەك چەکی

ئیستراتیجی مامەڵەیان لە تەکدا نەکردوە . بۆیە تائیستا لە دەزگای میدیاکانی ڕاگەیاندنی ( پارتی و یەکیتیەوە) زۆر ( **کاویژ** ) لە سەر پەڕەگراف 58 (دیموکراتی و فیدریالی ) دەکریٚ . **قسەکردنی زۆری بیٚ پڕاکتیك ئەفویمە و دەرخواردی مرۆڤی ساکاری کورد دەدریٚ** . چۆن ناسیونالیستی عەرەبی بازیی بە کات دەکات . ئاواش سەرکردایەتی کوردی گەوجی بیٚ هەڵویٚست هاوبەشی ناسویٚنالیستی عەرەبی دەکا بۆ بازیکردن لە تەك مرۆڤی کورد و چارەنووسی کەرکوك و خانەقین و موصل هەموو ناوچە زەوتکراوەکانی باشووری کوردستان . چارەسەری گرفتەکانی ئامیٚزی پەڕەگراف 58 بۆ دوای هەڵبژاردن و نوسینەوەی دەستوور ناماقوڵییەکی ترە سەرانی کورد لە میژوودا دەیکەن ( شرعیەت ) ڕەسەنایەتی ماڤ کورد بۆ کەرکوك و ناوچەکانی تر پەیوەندی بە یاسای دەوڵەتیٚکی کۆلۆنیالیستی وەك عیراقەوە نیە بەڵکو شرعیەت و ڕەسەنایەتی لە ڕۆحی میژوو و کەرامەتی تاك و کۆمەڵی کوردایە .کە بە لیٚشاو مرۆڤی گەوجی کورد هاوبەشی هەڵبژاردنیان کرد و کوردلە سەرجەم کوردستان و هەندەراندا بە بۆنەی بوونی تاڵەبانی بەسەرۆکی عیراقی عەرەبی و بارزانی بە سەرۆکی هەریمی کوردستانی عیراق ..وەك بەرغەل ڕژانە سەر شەقام وناو هۆڵەکانیان پڕکرد لە هەلهەلە و چەپڵەی فشە ....هەمان کۆمەڵگاش بەبیٚ دەنگی چاولە هەڵە وناماقوڵیەکانی ( الجعفری ) لەمەڕ پرسی کەرکوك و ڕیٚزنەگرتن لە پرەگراف 58 وکاویژکردنی سەرانی کورد دەپۆشن.... تیٚدەگات ...

**سەرکردە ومیللەت دووجەمسەری یەك هاوکیشەن .هەردووکیان گەوجن**

+( **نیمچە چەپ** ) کاسانیٚکن کە ئایۆلۆژیتیٚکی شلومل هەڵدەبژیرێن هەمیشە لە تەك بەرژەوەندیە تاکەکانی خۆیاندا . خۆیان لە تەك دەسەلاٚتی سەردەمدا جووتدەکەن . ئەلتەرناتیفیٚکی شۆرشگیٚڕ نین .

+پیٚموایە ووشەی ( **ڕوونڕەو** ) بۆ ووشەی معرفەی عەرەبی دەشیٚ , بە هیوای ئەوەی لە زمانی کوردیدا جریٚگیربیٚ

*کارەساتی کوردەکان.هینری کیسینجەر/بەرگی سیٚهەم .بەشی تایبەت بە کورد..وەرگیڕانی مامۆستای هیٚژا صباح غالب ,... ماڵپەڕی نەتەوەیەکانی کورد .

Die Lügen des Weissen Hauses... Hans Lezendecker...2004 **

***بیری ڕەخنەی هاوچەرخ , وەرگیٚرانی .نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد/چاپخانەی موکرایان هەولیر 2001

**** مراسلات مارکس و انجلز

سان پیترسبۆرگ...20/07/2005

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de